# مافی ئافرەت یان مافی مرۆڤ..؟

هەنار ڕەشید:

**لە کوردستان زۆر باسی مافی ئافرەت کراوەو دەکرێت، بەڵام تا هەنووکە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە**

هاژە تاهیر:

**لە کوردستان مافی مرۆڤ بەگشتی لەقەیراندایە و پێشێلکردنی مافەکان تەنیا ڕەگەزێک ناگرێتەوە**

## پرسی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە

د. چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەخاتەڕوو «بە بۆچوونی من بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتردا گومانی تێدا نییە کە پرسی مافی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوە، بەو مانایەی کە دۆخەکە لە جاران لەبارتر و کراوەترە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتەو دۆخەکەش بۆ مامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵ ئافرەتان گونجاوترە».

## چاککردنی ڕەوشی ئافرەتان کاری هەمەلایەنی پێویستە

د. چنار لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە وێڕای ئەو پێشکەوتنەی کە ئەمڕۆ وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا پێی گەیشتوون، هێشتا پرسی مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ بەگشتی بابەتێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی ئەو وڵاتانەیە و بەدەیان ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی کار بۆ ئەو لایەنانە دەکەن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا پرسی مافی ئافرەت بەسەرچووە و تەنیا دەبێت مافەکانی بخرێتە ناو خانەی مافی مرۆڤەوە؟ گوتی «لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە زۆربەی مافەکانی ئافرەت دەستەبەر بووە، سەدان ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی کار بۆ مافەکانی ئافرەت دەکەن، کەواتە چۆن دەکرێت لە کوردستاندا کە تا بەئەمڕۆ ئافرەتان لەژێر فشاری خانەوادەکانیان ڕۆژانە خۆیان دەسوتێنن، یاخود بەناوی پارێزگاری کردن لە شەرەف، ژنکوژی لەڕووی نەریتی کۆمەڵایەتی ڕەوایەتی پێ دەدرێت، پێمان وابێت کاتی قسەکردن لەسەر پرسی ئافرەت لە کوردستاندا بەسەر چووە و کۆتایی پێهاتووە و ئێستا نۆرەی قسەکردنە لەسەر مافەکانی مرۆڤ؟ من پێموایە بابەتی مافی مرۆڤ و پرسی مافی ژنان دوو پرسی بەیەکەوە گرێدراون و لەیەکتر جیا نابنەوە هەنگاونان بۆ پێکەوەگرێدانی چەمکەکانی مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات و قۆناغەکانی چاککردنی ڕەوشی ئافرەتانیش کارێکی زۆر گرنگە و کاری هەمەلایەنی پێویستە».

## جیاکردنەوەی ئافرەت لە پرسی مافی مرۆڤ گرفتەکانی زیاتر کردووە

هەندێك لە چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردی ئافرەت بە پلە دوو هەژمار دەکرێت و لە زۆربەی مافەکانی بێبەش کراوە، بەڵام هەنار ڕەشید ئەندامی سەنتەری چاودێریی کۆمەڵایەتی، ڕایوایە «ئافرەتانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی ناوچەکە لە زۆر ڕووەوە جیاوازن و پێگەی بەرزتریان هەیە، چونکە لە کەم وڵاتی ناوچەکەدا ئافرەت پۆست و پلەی ئیدارییان هەیە، بەڵام لە کوردستانی ئازاد چەندان ئافرەتمان لەپۆستە باڵاکانی وەك وەزیر و بەڕێوبەری گشتی و ڕاوێژکار و ئەندامی پەرلەمان هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین: ئافرەت هاووڵاتی پلە دووە».

ئەو توێژەرە ئەوەش دەخاتەڕوو کە سەرەڕای ئەوەی ئافرەتانی کورد لەپۆستە باڵاکاندا دەبینرێن و لە ناو کۆمەڵگەش چالاکییان هەیە، بەڵام هێشتا ئافرەتان ڕووبەڕووی کوشتن و بەزۆر بەشوودان و توندوتیژی جۆراوجۆر دەبنەوە، گوتیشی «لە کوردستان زۆر باسی مافی ئافرەت کراوەو دەکرێت، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە، بە بڕوای من هێندە باسکردنی مافی ئافرەت و جیاکردنەوەی لە مافی مرۆڤ ئەوەندەی تر گرفتی بۆ ئافرەت دروست کردووە، و پێویستە هەمووان کار بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ بکەن و چیتر ئافرەت لە مرۆڤ جیانەکرێتەوە.

## پێویستە هەر دیاردەیەك دژی ئافرەتە بنبڕ بکرێ

هەنار ڕەشید هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «زۆر لە بابەتەکان لەقەبارەی خۆی زیاتر گەورە کراوە، بەجۆرێك ئەمڕۆ لەکوردستاندا ناتوانین بڵێین تەنیا کێشەی ئافرەتمان هەیە، بەڵکو کێشەی هەردوو ڕەگەزەکەیە و کاری بابەتی و ورد و زانستی دەوێ بۆ ئەوەی بەگشتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکرێ»، گوتیشی «بە تەنیا باسکردنی بابەتەکان، کێشەی زیاتری لێدەکەوێتەوە، ئەگەر بێتو ئێمە بمانەوێت خزمەت بە ئافرەتان بکەین، نابێت هەر بڵێین ئافرەت دەکوژرێت

د. چنار سەعد:
**هەنگاونان بۆ پێکەوەگرێدانی چەمکەکانی مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات**

و دەسووتێنرێت، بەڵکو پێویستە رێگەیەك بگرینەبەر بۆ ئەوەی هەر دیاردەیەك دژی ئافرەت بێت، بنبڕ بکرێ».

**یاسا مافەکانی ئافرەتانیان زامن کردووە**

سەبارەت بەهەمان پرس پارێزەر هاژە تاهیر، بۆ گوڵان ئەوەی روونکردەوە کە لەڕووی یاساو دەستووری عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستانەوە ئافرەتان مافیان پارێزراوە، چونکە «زۆر یاسای وەك یاسای باری کەسی و یاسای توندوتیژی خێزانی مافەکانی ئافرەتانیان زامنکردووە». گوتیشی «لەکوردستان مافی مرۆڤ بەگشتی لەقەیراندایە و پێشێلکردنی مافەکان تەنیا ڕەگەزێك ناگرێتەوە».

ئەو پارێزەرە پێوابوو زەمەنی باسکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ بەسەرچووەو گوتی «ئێستا پێویستمان بەمافی مرۆڤە، چونکە هەموومان لەمافی مرۆڤدا خۆمان دەدۆزینەوە، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مروف باسی پیاو ژن و منداڵ و بەساڵاچوو و کەمئەندامی وەك یەك کردووە، چونکە هەموویان مرۆڤن» .

بەڵام تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە هەرێمی کوردستان ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بەرەوپێش چووە، بەڵام هەر یەکێك لە چین و توێژەکان بەپێی پێویستی ئەو چینە زیاتر گرنگی پێدانی دەوێت، بۆ نموونە ئافرەتان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر پێویستیان بەوەیە کە گرنگییان پێبدرێت و هەوڵبدرێت مافەکانیان لەڕووی یاساوە بچەسپێندرێت، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا مافەکانیان بەشێوەیەکی گشتی پراکتیزە نەکراوە»، گوتیشی «بەبڕوای من پێویستە لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی فراوان کار لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان بکرێت، بۆ ئەوەی مافەکانیان زامن بکرێت. جیاکردنەوەو باسکردنی چەمکەکانیش بە جیا، بۆ ئەوەیە کە بتوانین زیاتر گرنگی بەو چین و توێژە بدەین کە زیاتر مافیان پێشێل کراوە، بەڵام پێویستە بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر مافەکانی مرۆڤ بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو تاکەکان لە سایەی مافی مرۆڤدا ئازاد بن و مافەکانیان پارێزراو بێت».



**لەگەڵ ئەوەی لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا بانگەشەی مافەکانی مرۆڤ دەکرێ، بەڵام تا هەنووکە ئافرەتان بەردەوام ڕووبەڕووی گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زۆرترین قوربانیانی توندوتیژی ئافرەتن، لە هەرێمی کوردستانیش وێڕای گۆڕانکارییەکان و بانگەوازی مافی مرۆڤ و پڕۆگرێسی پێگەی ئافرەت و بوونی ژمارەیەکی زۆری خانمان لە پۆستە باڵاکان و سەدان رێکخراو و سەنتەری چالاکی ئافرەتان، کەچی هێشتا ژمارەی تاوانەکان بەرامبەر بە خانمان لە ئاستێکی بەرزدایە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە خانمان لە کۆمەڵگەی کوردی چ پێگەیەکیان هەیە؟ بۆچی مافی ئافرەتان لە بانگەشە و چەسپاندنی مافی مرۆڤدا جێگیر نەبووە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

# تویێژەرانی کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکانی کچان تا چەند ڕۆڵی ئەرێنییان بینیوە؟

**بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی قوتابییان، ماوەی چەند ساڵێکە بە فەرمانی وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستان توێژەری کۆمەڵایەتی دانراون، کەچی لێرە و لەوێ باس لە ناکارایی و نائەکتیڤی ئەو توێژەرانە دەکرێت و بەتایبەتی قوتابییانی کچ بەهۆکاری جیاجیا ئەو توێژەرانە بە فریادڕەسی خۆیان نازانن. توێژەرانیش قسەی خۆیان هەیەو جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر کچانی قوتابی ڕاستگۆیانە کێشەی خۆیانیان بۆ باس بکەن، ئەوا هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن.**

### قوتابییانی کچ لەبری ڕێنمایی سەرزەنشت دەکرێن

«بە کوڕێکی ناسیاوی خۆمان سەرسام بووم، کوڕەکە دوو سێ جار داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکردم و بەڵێنیدا دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی بێتەداوام، بەڵام من تائێستا وەڵامم نەداوەتەوە، لای توێژەرە کۆمەڵایەتییەکەی قوتابخانەکەمان ئەو باسەم کردەوە، بەڵام زۆر پەشیمان بوومەوە، چونکە توێژەرەکە یەکەم قسە پێی گوتم: ئەگەر کچی من بوایت، ئێستا هەموو قژتم دەردەهێنا، تۆ شەرم ناکەی بۆنی شیری خاو لەدەمت دێ، باسی عیلاقە و عیلاقەکاری دەکەی؟». ئەوە قسەی (س. م) بوو. ئەو کە نەیویست ناوی تەواوی ئاشکرا بکرێ، قوتابییەکی قۆناغی یازدەی ئامادەییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کاتێك قوتابیی کچ دڵی خۆی بۆ توێژەر دەکاتەوە، دواتر بە چاوی سووك سەیری دەکات»، گوتیشی «من خۆم هەستم بەوە کردووە، چونکە دوای ئەوەی پرسی خۆشەویستیم لای توێژەرەکەمان کردەوە، لەو ڕۆژەوە نەزرەی بەرامبەرم زۆر خراپ بووەو بەچاوێکی کەم تەماشام دەکات، بۆیە زۆر پەشیمانم لەوەی گرێی دڵی خۆمم بۆ کردەوە».

### توێژەری کۆمەڵایەتی ژوورێکی تایبەت بەخۆی نییە

کۆژین فەرهاد، لەپۆلی دوازدەی ئامادەیی دەخوێنێت، ئەو ڕێزی بۆ توێژەران هەیە و ڕایوایە لەگەڵ ئەوەی ئەزموونیان کەمە، بەڵام هەوڵی چارەسەری کێشەکان دەدەن. بەڵام کۆژین پێیوایە «لەبری چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابی زۆر جار، کچە ناوی دەکەوێتە سەر زاری بەڕێوەبەر و مامۆستاکان، چونکە توێژەرەکەمان ژوورێکی تایبەت بەخۆی نییە، دەبێ بچیت لای بەڕێوەبەر و مامۆستاکان قسە لەگەڵ توێژەر بکەی، کە دەچیتە لای بۆ ڕێنمایی هێشتا قسەکانت تەواو نەکردووە توێژەرەکە بە زمانێکی تر عەرەبی بێت، یان تورکی بە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان دەڵێت: خانم عاشق بووە».

### توێژەران لە خولەکانی ڕاهێنان بەشداری ناکەن

دەروونناس سامان سیوەیلی، هۆکاری ناکارایی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکان بە سێ خاڵ دەستنیشان دەکات، «یەکەم: ئەو بەشانەی کە توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێوەی دەردەچن بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەو ئەرکە گرنگە ئامادەیان ناکەن، بۆیە نابێ دەرچووانی ئەو دوو بەشە ببنە توێژەر لەقوتابخانەکاندا لەبەرئەوەی خوێندنی ئەو دوو بەشە زۆر جیاوازە لەو ئەرکەی کە بە توێژەران دەسپێردرێت، بەڵکو وا پێویست دەکات بەشێکی تایبەت بەناوی ڕێنمایی دەروونی بکرێتەوە، تەنانەت ناوی توێژەریش هەڵەیە، چونکە توێژەر لە قوتابخانە توێژینەوە ناکات، بەڵکو ڕێنمایی دەکات. خاڵی دووەم: چۆنیەتی مامەڵەکردنی وەزارەتی پەروەردەیە لەگەڵ ئەو توێژەرانە کە بەداخەوە بەرنامەیەکی بەرچاو و ڕوونی نییە بۆ کارکردنیان، توێژەر پێویستی بە کەشێکی لەبار و ئازادییەکی تەواو هەیە لە کارکردندا، تەنانەت بەشێك لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان توێژەر بە هەڕەشە دەزانن لەسەر دەسەڵاتی خۆیان و لەبری پشتگیری کردنیان دژایەتییان دەکەن، زۆرجاریش توێژەر لە ئەرکەکەی خۆی دادەبڕن و کاری فەرمانبەری پێدەکەن، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی متمانە و پردی پەیوەندی لەلایەن قوتابی و توێژەرەوە قوتابی بە گومانەوە باس لەکێشەکانی دەکات، تائێستاش توێژەر ناچێتە پۆلەوە و بەشە وانەیەکی نییە، واپێویست بوو لانی کەم هەفتەی وانەیەکی تایبەت بە ڕێنمایی دەروونی لەلایەن توێژەران بدرێتە قوتابییان، بەتایبەتی قوتابییانی ناوەندی و ئامادەییەکان کە لەتەمەنی نەوجەوانی و هەرزەکاریدان و پێویستییەکی زۆریان بە ڕێنمایی کردن و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ ئەو کێشانەی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. خاڵی سێیەمیش



ئەوەیە خودی توێژەرانیش ئامادەی خۆپێگەیاندن نین و خوێندنەوەیان کەمەو بەشداری خولەکانی ڕاهێنان ناکەن، کێشەکەشیان ئەوەیە زۆربەیان تەنیا یەك زمان دەزانن، ئەویش زمانی کوردییە، لەکاتێکدا زۆربەی سەرچاوەکان عەرەبی و ئینگلیزین، وێڕای ئەوەی بەشێکی ئەو توێژەرانە بەخواستی خۆیان نەبوونەتە توێژەر و بەڵکو بەهۆی نمرەکانیانەوە و لەڕێگەی قبول مەرکەزییەوە ڕەوانەی ئەو بەشە کراون، ئەوەش وادەکات بەناچاری ببنە توێژەر بێ ئەوەی حەزی توێژەرییان هەبێت، بەڵام زۆر پێویستە خوێندن لەو بەشەدا ئارەزوومەندانە بێت، چونکە ئەگەر حەز و ئارەزووی لەگەڵدا نەبێت ئەو کەسە بەرهەمیشی نابێت».

## میدیاکان کەمتەرخەم بوون و پێویستە کاری جددی بکەن

تانیا جەمال سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەدیوانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو قوتابخانەکان و زۆرێك لە دامودەزگاکان پێویستیمان بە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە، بەڵام زۆربەی ئەو توێژەرانە ئەکتیڤ نین و کارەکانیان ئەنجامی نەپێکاوە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك یەکێك لەوانە ئەو توێژەرانە لە کۆلیژەکان بابەتی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕێگەچارە دەخوێنن، بەڵام کە دێنە ناو ژیانی عەمەلییەوە نازانن چی بکەن، چونکە زۆر بێ ئەزموونن، نازانن چۆن مامەڵە و سەرەدەری لەگەڵ کێشەکاندا بکەن، بۆیە زۆرجار مامۆستاکان و ئیدارە بەپێی ئەو شارەزاییانەی هەیانە باشتر دەچنە ناو کێشەکانەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا تەقەبولی توێژەر ناکات و بە باشی نازانێت کەسێکی دیکە تێکەڵ بە کێشەکانیان بێت، بە وتەی ئەوان ئەوە کێشەیەکی خێزانییە و نابێت کەس تەدەخولیان بکات، چونکە یەکێك لەکارەکانی توێژەر دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان ماڵ و قوتابخانە و ئەگەر پێویست بکات لەوانەیە هەفتانە ئەو خێزانانە ببینێت. لەلایەکی دیکەوەش توێژەران نە خۆیان و نە ستاف و ئیدارەی قوتابخانەکان نازانن کاری توێژەر چییەو هەردەم لەگەڵ یەکتر لەململانێدان، مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە وادەزانن توێژەر تەدەخول لەکارەکانی ئەوان دەکات، بۆیە کاری توێژەری لەقوتابخانەکاندا شوێن و جێگەی خۆی نەگرتووە، بێگومان کچان و کوڕانیش لەتەمەنی هەرزەکاری و نەجەوانی زۆر پێویستیان بە ڕێنوێنی هەیە».

تانیا جەمال چارەسەر لەوەدا دەبینێت کە «خوێندنی باڵا بە مەنهەج و بەرنامەکانی خۆیدا بچێتەوە و کارمەندی کۆمەڵایەتی بە مەعنای کەلیمە پەروەردە بکات، خولی تایبەت بە مامەڵەکردن و چوونە ناو کێشەکان و ڕێگە چارەکانیان بۆ بکاتەوە، تابتوانن باشتر ڕۆڵی خۆیان ببینن، جگە لەوەش ڕاگەیاندنەکان لەو بوارەدا کەمکارییان کردووە و پێویستە میدیاکان بۆ وشیاری کۆمەڵایەتی لە بواری ڕاوێژکاری خێزانیدا کاری جددی بکەن».

## ڕابەرانی پەروەردەیی ئەزموونێکی کەمیان هەیە

هێمن فەرید توێژەری کۆمەڵایەتی و چالاکی مەدەنی، هۆکارەکانی کاریگەریی لاوازی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان بەمجۆرە دەستنیشان دەکات، «کێشەی سەرەکی نەبوونی شوێنی تایبەتە بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەگەر شوێن و ژووری تایبەتی نەبێت، قوتابی ناتوانێ بە ئاسانی و بە متمانەوە باسی گرفتەکانی خۆی بکات. توێژەریش لە شوێنی گشتیدا ناتوانێ کێشەی ڕاستگۆیانەی قوتابی وەربگرێ، تا هەوڵی چارەسەری بدات، هەروەها نەبوونی ستراکچەرێکی تۆکمە و نەبوونی پرۆگرامێکی تایبەت وەك دامەزراوەیەك وایکردووە توێژەران زۆر جار کێشەکان دوور لەکاری دامەزراوەیی و بەشێوەی میزاج چارەسەر بکەن، ئەوە هۆکارێکە بۆ سەرنەکەوتنی توێژەر لەکارەکەی».

هێمن فەرید لە درێژی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە کاریگەریی کۆمەڵایەتی بەربەست بۆ توێژەر دروست دەکات، «زۆرجار وابووە توێژەرەکە چارەسەریەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی قوتابی دۆزیوەتەوە، بەڵام لە ژینگەی خێزانییەکەی قبوڵ نەکراوە، واتە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بەگشتی گونجاو نییە».

ئەو توێژەرە بەشێك لە کەموکوڕییەکانیش بۆ خودی قوتابی سیستمی دامەزراندنی توێژەران دەگێڕێتەوەو باس لەوە دەکات کە «قوتابی هەستیان بە بارودوخێکی ئارم نەکردووە لە قوتابخانەکان، قوتابی دەبێت تەواو دڵنیابێت کە کێسەکەی پارێزراو دەبێت، دەبێت متمانەی بە توێژەرەکەی هەبێت، بۆیە زۆر جار کچی قوتابی کێشەکانی خۆی بە تەواوی ئاشکرا ناکات، چونکە لەوە دەترسێ کێسەکەی بکەوێتە ناو کۆمەڵ، ئەوکاتە وەك کچێك دەبێت باجەکەی بدات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی توێژە تا چەند متمانە دروست دەکات بۆ قوتابی و پاراستنی کەیسەکەی لە بڵاونەبوونەوە. خاڵێکی دی ئەوەیە کە خودی تۆێژەرەکە ئەزموونێکی کەمی هەیە لەکارکردن، چونکە هەر لە زانکۆ دەردەچێت، ڕاستەوخۆ لە قوابخانەیەك وەك توێژەر دادەمەزرێت، پێویستە پێش دەست بەکار بوونی چەندین خول ورۆکشۆپی تایبەتی بۆ بکرێتەوە لەسەر کارلێکردن و خۆ گونجاندیان بەشێویەکی سەردەمییانە لەگەڵ قوتابی».

## توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان خولی ڕاهێنانیان بۆ دەکرێتەوە

لەلای خۆیەوە هاجەر داود گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە سەرەتای دامەزراندنی ئەو توێژەرانە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەو کات بە ناونیشانی مامۆستا لەقوتابخانەکان دادەمەزران، دواتر وەزارەتی پەروەردە بەپێی ڕێنماییەکانی خۆی ئەو توێژەرانەی بەپلەی فەرمانبەر دامەزراند، دواجار لەساڵی ٢٠٠٤ بە فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە بڕیاردرا هەر ٢٥٠ قوتابی توێژەرێکی بۆ دابینبکرێت، گوتیشی «ئەوەشمان لەبیر نەچێت دەرچووانی هەردوو بەشی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بە بەراورد لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵگە ڕێژەیان کەمە و قوتابیان کەمتر ڕوو لەو دوو بەشە دەکەن، لەکاتێکدا زۆربەی وەزارەتەکان پێویستیان بەتوێژەران هەیە، لەوانە پەروەردە، داد، کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی».

گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە ئەوەشی دووپات کردەوە کە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان بە شێوازێکی کۆن بیناکراون، ژوورەکانیان کەمن نەك هەر ژووری تایبەت بەتوێژەر نییە بەڵکو ژوور بۆ تاقیگە و کتێبخانەش نییە، تەنانەت لەهەندێك قوتابخانەدا ژووری مامۆستایانیش نییە، گوتیشی «خۆشبەختانە لەئێستادا وەزارەتی پەروەردە خەریکە ٢٠٠٠ قوتابخانە دروست دەکات کە ٥٠٠ قوتابخانەیان وەکو هەنگاوی یەکەم دەست بە دروستکردنی کراوە، لەم قوتابخانانەدا بیر لەوە کراوەتەوە کە ژوورێکی تایبەت بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی دابین بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست پێشوازی لە قوتابیان و کێشەکانیان بکات. دیارە توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان خولی ڕاهێنانیان بۆ دەکرێتەوە».

**کچانی قوتابی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بە فریادڕەسی خۆیان نازانن**

**کاتێک قوتابیی کچ دڵی خۆی بۆ توێژەر دەکاتەوە، دواتر بە چاوی سووک سەیری دەکات**

**ئەو بەشانەی کە توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێوەی دەردەچن بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەو ئەرکە گرنگە ئامادەیان ناکەن**

**توێژەرەکەمان ژوورێکی تایبەت بەخۆی نییە، دەبێ بچێت لای بەڕێوەبەر و مامۆستاکان قسە لەگەڵ توێژەر بکەی**



# دایەنگاكان تاچەند توانیویانە ژینگەیەكی تەندروست بۆمنداڵان دروست بكەن؟

**ساڵانێكە گرفتی منداڵان لە دایەنگەكان لە میدیاكان و دەزگەكانی ڕاگەیاندن دەخرێتە بەر باس و تا ئێستاش زۆربەی دایكان نیگەرانی خۆیان بەرامبەر گرانیی نرخی دایەنگە ئەهلییەكان دەردەبڕن، جەختیش لەوە دەكەنەوە كە دایەنگە حكوومییەكان وەك پێویست بە ئەركی خۆیان هەڵناستن و جگە لەوەی بۆ كاتێكی كەم دەوام دەكەن، لە ڕووی پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵانیشەوە پلانێكی دڵخۆشكەریان نییە. توێژەرێك جەخت لە بێ پلانی حكومەت لەو بوارەدا دەكاتەوە و پسپۆڕێكی كارگێڕیش هەنگاوەكانی چارەسەركردنی ئەو ئاریشە كەموكورتییانەی دایەنگەكان دەخاتەڕوو.**



### ئەگەر منداڵ كێشەیەكی هەبێت، دایەنەكان هیچیان پێناكرێت

«زۆرجار لە دایەنگە تەلەفۆنم بۆ دەكرێت، كە منداڵەكەم نەخۆشە، یان كێشەیەك هەیە، منیش ناتوانم دەوام بەجێ بهێڵم و بچم بۆلای، بەڕاستی هەرگیز دایەنگە جێگەی دایك ناگرێتەوە، چونكە ئەگەر منداڵ كێشەیەكی هەبێت، دایەنەكان هیچیان پێناكرێت، منیش بەدرێژایی كاتی دەوامكردنم دڵم لای منداڵەكانمە». كەژاڵ محەممەد نووری وایگوت. ئەو فەرمانبەرێكی حكومەتە و جەخت لەوە دەكاتەوە كە «فەرمانبەری ئافرەت مەحاڵە كێشەی دایەنگەو باخچەی ساوایانی نەبێت»، بۆیە دەڵێت «دایەنگەكان ئەگەرچی ئەركی سەرشانی دایكانی فەرمانبەر كەم دەكەنەوە، بەڵام كەموكورتیشیان زۆرە، هەم نرخەكەی كێشەیە و هەم هاتوچۆی منداڵ و گەیشتن بە دەوام بۆ دایكانی فەرمانبەر گرفت دروستدەكات».

ژمارەیەك لە دایكانی كارمەند، باسی ئەوە دەكەن كە بە هۆی نەبوونی پلانی پەروەردەیی لە دایەنگە حكوومییەكان بەردەوام «دڵەڕاوكێ»یان هەیە، ئەوەتا شیلان شاكر دەڵێت «ڕۆژێكیان كەچووم بەشوێن منداڵەكەمدا بینیم هەموو دەموچاوی بریندار بووە، ئەو كاتە هەر نەمزانی چۆن باوەشی پێدا بكەم، زۆر ترسام و هەراسان بووم، دوای ئەوەی بەداواداچوونم كرد، دەركەوت لەوكاتەی كە دادەكە سەرقاڵی منداڵێكی تر بووە، كچەم لەگەڵ كوڕێكی لەخۆی گەورەتر لەسەر شتی یاریكردن شەڕیان بووە، هەموو دەمو چاوی كچەكەمی هەڵكۆڵیبوو، بۆیە دیارە دایەنگە كارمەندی كەمە دەنا چۆن كچێكی وا ناسك و منداڵ دەبێت هەموو دەموچاوی بریندار بێت و كەس فریای نەكەوێت؟». شیلان گوتیشی «ئەركەكانی فەرمانبەری ئافرەت زۆر زەحمەتە لەماڵەوە، هاوسەرەو دایكەو مامۆستا و پەرستیاری منداڵەو لە فەرمانگەش لێپرساوەو خزمەت بە دەوروبەرەكەی دەكات، بۆیە پێویستە لانیكەم لە كاتی دەوام لە جۆری پەروەردەی منداڵەكەی لە دایەنگە و قوتابخانەكانیش دڵنیا بێت».

### پێویستە حكومەت ڕێگە چارەیەكی تەندروست بدۆزێتەوە

شیرین عەلی تەمەن ٤٠ ساڵیش فەرمانبەرەو سەرەتا ئاماژە بەوە دەكات كە دایەنگا ئەهلییەكان «نرخیان زۆر گرانە»، ئەو دەڵێت «منداڵ بەخێوكردنی ئێستا ئەوەندە زەحمەت بووە، ئافرەتانی فەرمانبەر وایان لێهاتووە ناوێرین منداڵیان ببێت، چونكە دەبێت بیر لەوەبكەنەوە كە دوای مۆڵەتی دایكایەتی چۆن بەخێوی دەكەن و منداڵی خۆیان لەكوێ دادەنن، بۆیە داواكاری ئەوەین كە حكومەت ڕێگە چارەیەكی تەندروست بدۆزێتەوە و دایەنگە حكوومییەكانیش لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتی باشتر بكات.

### گەورەترین قەیران بۆ ئافرەتانی كارمەند دروست بووە

چنار حەمید توێژەری كۆمەڵایەتییە لەسەنتەری چارەسەری دەروونی، ئەو ڕایوایە ئافرەتی فەرمانبەر لەڕووی چۆنێیەتی

راپەڕاندنی کاری ئیداری و هاوسەنگیکردن لەنێوان کارەکانی ماڵەوە، بەتایبەتی لە بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ژێر کۆمەڵێ فشاری زۆردایە، گوتیشی «نەبوونی دایەنگەی متمانەپێکراو و کارامە گەورەترین قەیرانی بۆ ئافرەتانی کارمەند دروست کردووە، ئەمەش مێشکی ئافرەتان جەنجاڵ دەکات و کاریگەری خراپ دەخاتە سەر کار و بیرکردنەوەیان».

چنار پێی باشە جیاکارییەکی ئەرێنی لەنێوان ئافرەت و پیاوی فەرمانبەردا بکرێت، ڕەخنە لەوەش دەگرێت کە «سیستەمی کارگێڕی کوردستان وەك وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و ناوچەکە لە ئافرەتی کارمەند دەڕوانێت و ئاسانکارییەکی ئەوتۆی بۆ ناکات، دەبوو یاسایەك، یان بڕیارێکی هەبوایە کە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر ڕەچاو بکرێ، بەتایبەتی لە بواری ئاسانکاری بۆ پەروەردەی منداڵ لە قۆناغی پێش قوتابخانە، کە دایەنگە و باخچەی ساوایان دەگرێتەوە، لەو بوارەشدا دەکرێ بۆ نموونە باسی ئەوە بکەین کە حکومەت تەنیا ڕەچاوی ئافرەتانی مامۆستای کردووەو پلانێکی ئەوتۆی بۆ ئافرەتانی دیکەی فەرمانبەر نەبووە». ئەو توێژەرە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «وڵاتێك پڕ بێت لە کێشەی ئابووری و کارگێڕی ئەستەمە دایەنگەیەکی هەبێت، شوێنی دایك بگرێتەوە، بان دایەنگەیەکی نموونەیی هەبێت» گوتیشی «دادەیەك بە مووچەیەکی ٤٠٠ هەزار دیناری ناتوانێت ببێتە دایکی سی چڵ منداڵ و خاوێنیان بکاتەوە و بە دروستییش پەروەردەیان بکات، ئەو کەسانەی کەلەدایەنگەکانن هیچ جۆرە دەرماڵەیەکیان نییە کە هانیان بدات وەك پێویست خزمەتی منداڵان بکەن».

## پەروەردەی دایك زیاتر لە دایەنگەکان کاریگەری لە سەر منداڵ هەیە

پسپۆڕی دەروونی ئەمیر عەزیز، سەرەتا باسی پێگەی بەرزی دایك لە پەروەردەی منداڵدا دەکات و دەڵێت «لە ڕووی دەروونییەوە دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی کە لەلایەن دایك، یان داپیریانەوە بەخێو دەکرێن، لەڕووی کەسایەتییەوە زۆر سەرکەوتووتر دەبن. واتە بەپێی دواتوێژینەوە دەروونییەکان دەرکەوتووە کە منداڵ باشترە لەلایەن دایك و باوکەوە پەروەردە بکرێت، نەك لەدایەنگەکان، چونکە دایەنگە نابێتە جێگرەوەی دایك و ئەو مندالانەی لەناو دایەنگە و باخچەی ساوایان پەروەردە دەکرێن لەڕووی کەسایەتییەوە جۆرە شەڕانگێزییەکیان پێوەدیارە».

## هەرێمی کوردستان پڕە لە کێشەی کارگێڕی

ئەژین عەلی پسپۆڕی کارگێڕییەو ڕایوایە «کێشەوگرفتی دایەنگە، یان هەر فەرمانگەیەکی حکوومی وابەستەیە بەو سیستەمە کارگێڕییەی کە حکومەت هەیەتی، هەرێمی کوردستانیش پڕە لە کێشەی کارگێڕی، سەبارەت بە دایەنگەکانیش لەچەند ڕوویەکەوە کێشە هەیە، لەوانە کەمی مووچەو ئیمتیازاتی ئەو دایەنانەی کە لە دایکەنگەکانن، لەلایەکی دیکەوە پێویستە سیستەمی دایەنگەکان سیستەمی کراوە بێت، واتە ئەو دایەنە مووچەکەی باش بێت، بەڵام بە گرێبەست بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر بە کارەکای هەڵنەستا، ئەوا کەسێکی دی لەشوێنی دابنرێت، بەڵام لە لای ئێمە شتەکان پێچەوانە بوونەتەوە، هەموو دایەنەکان فەرمانبەری ڕەسمین و مووچەشیان کەمە».

ئەژین ئەوەشی دووپات کردەوە کە «سیستەمی دایەنگەکان لەسالانی رابردوودا زۆر باشتر بوو، بەڵام ئێستا زۆری فەرمانبەر تا ڕادەیەك کێشەی دروستکردووە، وەك دەگوترێت خواردنێك کابانی زۆر بێت، تێکدەچێت».



**کێشەوگرفتی دایەنگە، یان هەر فەرمانگەیەکی حکوومی وابەستەیە بەو سیستەمە کارگێڕییەی کە حکومەت هەیەتی**

**ئەو مندالانەی لەناو دایەنگە و باخچەی ساوایان پەروەردە دەکرێن لەڕووی کەسایەتییەوە جۆرە شەڕانگێزییەکیان پێوەدیارە**

**ئەو کەسانەی لەدایەنگەکانن هیچ جۆرە دەرماڵەیەکیان نییە کە هانیان بدات وەک پێویست خزمەتی منداڵان بکەن**

**حکومەت تەنیا ڕەچاوی ئافرەتانی مامۆستای کردووەو پلانێکی ئەوتۆی بۆ ئافرەتانی دیکەی فەرمانبەر نەبووە**